# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کوردی　　٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠)	٢٧٢٤ی کـــوردی	٢٠٢٤ی زاییـــنی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**	ISSN: 2520-4106	http;//gov.krd/ka

# پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد

د. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول

khasro.khoshnaw67@gmail.com

**پوختە:**

توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد. کار وەکو کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕستە لە ڕووی واتاوە لێی کۆڵراوەتەوە و پێوانەی بۆ دیار کراوە. ئەم پێوانەیەی بۆ کار دیارکراوە، بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد بووە، کە پلەی بۆ ئاوەڵناو دیار کردووە. لەم توێژینەوەیەدا، حەوت پلە بۆ کارە دژواتاکان دیار کراوە و لە پلەدارییەکەدا، مۆرفیمەکانی ڕادە، نەرێ و ئاوەڵکار بەشدارییان تێدا کردووە. بە هۆی دیارکردنی پلەیەکی کار لە حەوت پلەکەدا، دەتوانین تا ڕادەیەکی باش شارەزای دەروون و ناخی کەسی ئاخێوەر بین، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەروونیدا هەیە. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا، باسی بیرۆکەی پێوانەی واتا و جۆرەکانی پێوانەی واتا کراوە. لە بەشی دووەمدا، باسی پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە کراوە، لەوانە پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد، کە ڕێگایەکی پلەدارە و ناخی ئەزموونکار بە دیار دەخات و کاریگەریشی لەسەر چارەسەریی دەروونییەوە هەیە.

کلیلەوشە: پێوانە، کار، واتا، ئۆزگۆد، ڕادە.

**٠)پێشەکی:**

١-٠) ناونیشـان و ئاسـتی توێژینەوەکـە: ناونیشـانی توێژینەوەکـە «پێوانـەی کار لـە ڕووی واتـاوە بەپێـی ڕێبـازی ئۆزگۆد«ـە. لـە ئاسـتی سـیمانتیکیی زمانـی کـوردی دەکۆڵێتـەوە، بەپێی پێویسـت خـۆی لـە ئاسـتەکانی تـر دەدات.

٢-٠)ڕێبـازی توێژینەوەکـە: بەپێـی بۆچوونـی ئۆزگـۆد لـە پێوانـەی واتـای کار کۆڵراوەتـەوە، کـە ڕێبازەکـە وەسـفیی شـیکارییە.

٣-٠)کەرەسـتەی توێژینەوەکـە: کەرەسـتەی توێژینەوەکـە لـە زمانـی ئاخاوتنـی ڕۆژانـەی زاری کوردیـی ناوەندیـدا وەرگیـراوە.

٤-٠)گرنگیـی توێژینەوەکـە: مەبەسـت و گرنگیـی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە خسـتنەڕووی پێوانەیـەك بـۆ کار و دەرخسـتنی پلـە لەنێـوان کارە دژواتاکانـدا.

٥-٠)پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١-چۆن کار لە ڕووی واتاوە پێوانە دەکرێت؟

٢-چەند پلە بۆ کارە دژواتاکان دیاری دەکرێت؟

٣-دەستنیشـانکردنی پلەیـەك لەنێـوان کارە دژواتـاکان چ پەیوەندییەکـی بـە ئاخێـوەرەوە هەیـە؟

٤-چ مۆرفیمێـك بەشـداری لـە پێوانەکردنـی کار لـە ڕووی واتـاوە دەکات؟

٥-کام جۆرە ڕستە دەبنە دژواتای یەکتر؟

٦-٠)ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـە: توێژینەوەکـە، جگـە لـە پێشـەکی و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان لـە دوو بـەش پێـك هاتـووە. لـە بەشـی یەکـەم لەژێـر ناونیشـانی «بیرۆکـەی پێوانـەی واتـا و جۆرەکانـی پێوانـەی واتـا»دا، لـە دوو تـەوەرە پێـك هاتـووە. تـەوەری یەکـەم باسـی ئـەو بیرۆکانـە دەکات، کـە بـۆ پێوانـەی واتـا خراونەتـە ڕوو. لـە تـەوەرەی دووەمـدا باسـی جۆرەکانـی پێوانـەی واتـا دەکات، کـە بریتیـن لـە پێوانـەی پلیکانەیـی وشـە دژواتـاکان، پێوانـەی جیاکـەرەوەی سـیمانتیکی، پێوانـەی کاردانـەوەی فسـیۆلۆجی و کاری ڕووداو. لـە بەشـی دووەمـدا، بـە ناونیشـانی «پێوانـەی کار لـە ڕووی واتـاوە« چەنـد بۆچوونێـك خراوەتـە ڕوو وەکـو بۆچوونـی پەیوەندییـە واتاییەکانـی هاونشـینی و جێنشـینی، بۆچوونـی پێوانەکردنـی کار بـە هـۆی کاریگەرییـەوە، بۆچوونـی فەلسـەفییانە، بۆچوونـی کویـرك، بۆچوونـی کاتـز و ڤـۆدەر، بۆچوونـی فیلمـۆر، بۆچوونـی هالیدەی و بۆچوونـی پێوانەکردنـی کارە دژواتـاکان لـە ڕووی واتـاوە. لـە کۆتاییشـدا، ئـەو ئەنجامانـە خراونەتـە ڕوو، کـە توێژینەوەکـە پێـی گەیشـتووە.

**١) بەشی یەکەم: بیرۆکە و جۆرەکانی پێوانەی واتا**

**١-١) تەوەرەی یەکەم: بیرۆکەی پێوانەی واتا**

زمانـەوان و دەروونناسـان هەوڵیـان داوە پێوانـە بـۆ واتـا دابنێـن، بۆئـەوەی شـارەزای لایەنـی دەروونیـی تاکـەکان بـن و ناخیـان بخوێننـەوە، تاکـو بەهـۆی پێوانەکـەوە بتوانـن تاکـەکان هەڵبسـەنگێنن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەنـد ڕێگایەکیـان بـۆ پێوانەکردنـی واتـا دانـاوە، لەوانـە:

١-١-١) ڕێگای کاردانەوەی فسیۆلۆجی

بلـۆم فێلـد لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە کتێبـی زمـان (Language) دا، باسـی کاردانـەوەی فسـیۆلۆجی کـردووە. کاتێـك گوێگـر گوێبیسـتی هەندێـك کار دەبێـت لەلایـەن ئاخێـوەرەوە، ئـەوا گوێگـر لـە ڕووی فسـیۆلۆجییەوە کاردانـەوەی دەبێـت (دزەیـی، ٢٠١٥، ١٤٩).

١-١-٢) ڕێگای جیاتاکی

کۆڤـەر (Cover) لـە ساڵی ١٩٥١ ڕێـگای جیاتاکـی داهێنـا. ئـەم بیرۆکەیـەی لـە ئەنجامـی یارییـە ئەندازەییەکانـی منداڵانـەوە بـۆ هـات، کـە یارییـەك لـە چەنـد تەنێکـی شـێوە لاکێشـەیی پێـك هاتبـوو، بـەڵام دانەیەکیـان سێگۆشـە بـوو. کۆڤـەر تاقیکردنـەوەی لەسـەر چەنـد کەسـێك کـرد، لـەم تاقیکردنەوەیـەدا، چەنـد وشـەیەکی بـۆ وتـن و داوایلێکـردن ئـەو وشـەیە هەڵبژێـرن، کـە لەگـەڵ وشـەکانی تـر ناگونجێـت. ئەگـەر وشـەکانی حوجـرە، مزگـەوت، نوێـژ، قوتابخانـە بـەو ئەزموونکارانـە بدرێـت، ئـەوا دوو وشـە هـەن، کـە ناگونجێـن. ئـەو کەسـەی چەمکـی ئاینـی لـە لا زاڵـە، ئـەوا وشـەی «قوتابخانە« هەڵدەبژێرێـت، بـەڵام ئـەو کەسـەی چەمکـی ساختمانی لـەلا زاڵـە، ئـەوا وشـەی «نوێـژ» هەڵدەبژێرێـت (الحمـداني، ١٩٨٢، ١٧٦).

١-١-٣) ڕێگای جیاکەرەوەی سیمانتیکی

ئۆزگـۆد (Charles Osgood) لـە سـاڵی ١٩٥٢ هەوڵـی دا پێوانەیـەك بـۆ واتـا دیـاری بـکات. لەدواییـدا بیرۆکـەی جیاکـەرەوەی سـیمانتیکی داهێنـا. پێوانـەی ئۆزگـۆد دەربـارەی ئاوەڵنـاوە دژواتـاکان بـوو. ئۆزگـۆد ڕێـگای بـۆ توێـژەران کـردەوە بۆئـەوەی واتـای دەروونیـی تـاك بپێـون لـە ڕووی ئامـاژە، گەیاندنـی پەیوەنـدی، زمانەوانـی، جوانـکاری، ڕاگەیانـدن،

کەسایەتی، چارەسەری نەخۆشیی دەروونی (عطیة، ١٩٧٥، ٨٩).

١-١-٤) ڕێگای بڕیاردانی وشەیی و بانگەشەی وشەیی

ویلیام ئاگرادی لە پەرتووکەکەیدا، باسی ڕێگای بڕیاردانی وشەیی و بانگەشەی وشەیی دەکات.

١-١-٤-١) ڕێگای بڕیاردانی وشەیی

لەبارەی بڕیاردانی وشەییەوە ئەزموونکارێك بەرامبەر شاشەی لاپتۆپ دادەنیشێت و ئەو پرۆگرامەی مەبەستە دێتە سەر شاشە و لە ماوەیەکی کورتی دیاریکراودا، لە کاتی بەرچاوکەوتنی وشەی دروست، دوگمەی بەڵێ دادەگرێت، بەڵام لەکاتی بەرچاوکەوتنی وشەی نادروست، واتە ئەو وشانەی لە ڕووی ڕێزمان، یان واتاوە نادروستن، دوگمەی نەخێر دادەگرێت. لە ئەنجامدا، دەرکەوت، ئەو وشە دروستانەی کە زۆر لە ژیانی ئەزموونکار بەکاردێن و پێیان ئاشنایە، ئەوا بەخێراییەکی ئێجگار زۆر لێکیان دەداتەوە و لە ماوەیەکی زۆرکەمتر دوگمەی بەڵێ دادەگرێت بەراورد بەو وشە دروستانەی کە کەمتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردێن. لە کاتی داگرتنی دوگمەی نەخێریش لە وشە نادروستەکاندا، ئەوا بەخێراییەکی زۆرتر دوگمەی نەخێر لەو وشانە دادەگرێت، کە سیستەمی زمانەکەی ڕێگا بە دروستبوونی ئەو جۆرە ڕێسایانە نادات (اگرادی، ١٣٨٠، ٧١٥).

١-١-٤-٢) ڕێگای بانگەشەی وشەیی

لە ڕێگای بانگەشەی وشەییدا، ئەزموونکار لە هەر سێ ئاستی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس تاقی دەکرێتەوە.

١-١-٤-٢-١) لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە

لەم جۆرەیاندا، شوێنی گۆکردنی دەنگ، ژمارەی بڕگە، ژمارە و سیستەمی بەدوایەکداهاتنی دەنگی کۆنسۆنانت و ڤاول بە ئەزموونکار تاقی دەکرێتەوە. بۆ نموونە لەبارەی شوێنی گۆکردنی دەنگێکی لێوی وەکو /ب/ . کاتێك ئەزموونکار وشەیەکی وەکو [ بار] ی بەرچاو دەکەوێت، کە بە دەنگی /ب/ دەستی پێکردووە، ئەوا مەڵۆوشەیەکی دێتەوە یاد، کە بە دەنگی لێوی دەست پێ دەکات، وەکو /پ/، لە وشەی [پار، پیس،....هتد].

لەبارەی ژمارەی بڕگەوە، کاتێك ئەزموونکار وشەیەکی بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دوو بڕگەیە وەکو وشەی [ڕێواس]، ئەوا ئەو مەڵۆوشانەی دێنەوە یاد، کە دوو بڕگەن، وەکو [گێلاس، ئاروو، ....هتد].

لەبارەی ژمارە و سیستەمی بەدوای یەکداهاتنی دەنگی کۆنسونانت و ڤاوڵ، بۆ نموونە کاتێك ئەزموونکار وشەیەکی وەکو [دەم] بەرچاو دەکەوێت، کە بە سیستەمی [کۆنسونات + ڤاوڵ + کۆنسونانت] دروست بووە، ئەوا ئەزموونکار ئەو مەڵۆوشانەی دێنەوە یاد، کە بە هەمان سیستەم درووست بوون (ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ١٢١)، بۆ نموونە [ چاو، قاچ، ....هتد].

١-١-٤-٢-٢) لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە

کاتێك ئەزموونکار وشەیەکی داڕێژراو، یان لێکدراوی بەرچاو دەکەوێت، کە بە ڕێسایەك ڕۆ نراون، ئەوا یەکسەر ئەو مەڵۆوشانەی دێنەوە یاد، کە بە هەمان ڕێسا ڕۆ نراون (اگرادی، ١٣٨٠، ٧١٥) ، بۆ نموونە کاتێك ئەزموونکار وشەی گۆشتن-ی بەرچاو دەکەوێت، کە بە ڕێسای [ناو+ پاشگر] ڕۆ نراوە، ئەوا مەڵۆوشەیەکی دێنەوە یاد، کە بەو ڕێسایە ڕۆ نراون، وەکو ئاگرین، بەرخەوان......هتد، یان کە وشەیەکی لێکدراوی وەکو ئاشتیخواز-ی بەرچاو دەکەوێت، کە بە ڕێسای[ ناو + ڕەگ] ڕۆ نراوە، ئەوا مەڵۆوشەیەکی دێنەوە یاد، کە بەو ڕێسایە ڕۆ نراون، وەکو ڕەخنەگر، چیرۆکنووس...... هتد.

١-١-٤-٢-٣) لە ڕووی سینتاکسەوە

کاتێك ئەزموونکار چاوی بە ڕستەیەك دەکەوێت، کە بە شێوەی [بکەر- بەرکار- کار] ڕیز بووە، ئەگەر ئەزموونکار کورد بێت، ئەوا بیری بۆ ئەم ڕستانە دەچێت، کە کارەکانیان تێپەڕە و بە هەمان سیستەم ڕیز بوون.

١-١-٥) ڕێگای پێوانەکردن بە بەستنەوەی ئازاد

ئەم جۆرە پێوانەکردنە سەر بە ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونییە و بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنییانە بەکار دێن، کە لە ناخی مرۆڤدایە، هەروەها ئەو پاڵنەرانەش ئاشکرا دەکات، کە تاك ئاڕاستە دەکەن. ئەم جۆرە پێوانەیە بە هۆی سێبەرە واتاییەکانی وشەوە ئەنجام دەدرێن و بەهۆیەوە دەگەینە ناخی ئاخێوەر، بۆ نموونە داوا لە کەسی ئەزموونکار دەکرێت، کە یەکەم وشە بدرکێنێت، کاتێك گوێبیستی ورووژێنەرێکی وشەیی وەکو ناڵە دەبێت، دوای ئەم وشەیە، دەپرسین، کە یەکەم وشە چییە دێتەوە یادی؟ ڕەنگە

وەڵامەکـە بریتـی بێـت لـە ژن، منـداڵ، گریـان، هەنسـك...هتد، کـە هـۆکار و ئەنجامـدەر و ئەنجـام و پێچەوانـە دەخەنـە ڕوو و لـە ڕێـگای ئـەم ڕاکێشـکردنەی کەسـەکە زمانـی دەخلیسـکێت و نهێنـی و ناخـی ڕاسـتەقینەی دەردەکەوێت(دزەیـی، ٢٠١٥، ١٥٠). هەروەهـا زمانـی جەسـتە ڕۆڵ لـەم بـوارەدا دەبینێـت، بـۆ نموونـە کەسـێك دەیەوێـت بەرامبەرەکـەی هەڵبخەڵەتێنێـت، دەبینیـن لەکاتـی ئاخاوتنـدا، جوڵانەوەکانـی بەویسـتە، یـان بێویسـتە، وەکـو دەم وشـکبوون، هەڵپشـاوتنی چـاو، خوراندنـی لـووت، دەسـت خسـتنە ژێـر چەناگـە، ئارەقەکـردن، لەنـاکاو وەسـتان لـە ئاخاوتـن و.....هتـد. (سـەرچاوەی پێشـوو،١٥١)

١-٢) تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی پێوانەی واتا

پێوانەکردنـی واتـا هۆکارێکـە بـۆ زانینـی ناخی ئاخێـوەر، چونکە لـە ئەنجامـی ئـەو گوتنـەی ئاخێـوەر دەریدەبڕێـت، کەسـایەتی، ڕەفتـار، کولتـوور و........هتـد دەزانیـت، بۆیـە چەندیـن پێوانـە بـۆ واتـا دانـراوە (عمـر، ١٩٨٢، ٤٢) لەوانـە:

١-٢-١) پێوانەی پلیکانەیی وشە دژواتاکان

لـەم پێوانەیـەدا، پێوەرێکـی پلیکانەیـی هەیـە " بـۆ دیاریکردنـی پلـەی ئـەو وشـانەی دەکەونـە نێـوان دوو وشـە دژەکـەی دژواتـای پلـەدار و بەپێـی ئـەم پێـوەرە وشـە دژواتـاکان دابـەش دەکرێـت" (دزەیـی، ٢٠١٥، ١٤٨)، بـۆ نموونـە لـە ڕسـتەی «ئاوەکـە سـاردە« ئایـا وشـەی «سـارد» دژواتاکەی «گەرم»ـە، یان «فێنك»ـە، (عمر، ١٩٨٥، ٤٢) یـان «تەزیو»ـە. بـەم پێیـە وشـەکان لـە پێوانەیەکـی پلیکانەیـی ڕیـز دەکرێـن. بـە زۆری وشـە دژەکان ڕێژەییـن، کـە دەڵێیـن: سـووپەکە گەرمـە، ئـەوا گەرمییەکـەی بەپێـی پلـەی گەرمـی دیاریکـراوی ئـەو ئـەو شـلانەیە، کـە لەگـەڵ ژەمـی خـواردن پێشـکەش دەکرێـن و جیـاوازە لـەوەی کـە دەڵێیـن: ئاوەکـە گەرمـە. (سـەرچاوەی پێشـوو، ٤٣)

١-٢-٢) پێوانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکی

ئـەم جـۆرە پێوانەیـە پەیوەسـتە بـە دەروونـی تـاك و واتـای ویژدانـی و کاردانـەوە هەڵچوونییـەکان. (دزەیـی، ٢٠١٥، ١٤٦) تاکـەکان لـە ڕووی دەروونـەوە جیـاوازن و وەکـو یـەك نیـن، ئەمـەش پەیوەندیـی بـە پاشـخانی ژیانیانـەوە هەیـە لـە ڕووی ئاینـی، پەروەردەیـی، کولتـووری و.....هتـد. کاتێـك تـاك گوێبیسـتی هەندێـك وشـە، یـان ڕسـتە دەبێـت لـە نـاوەوەی خـۆی گۆڕانـی بـە سـەردا دێـت (عمـر، ١٩٨٥، ٤٢). گرنگیـی واتـا لـە جیاوازیـی جۆراوجـۆری کەسـایەتیدا، زۆر ڕوون و ئاشـکرایە. ئـەو بـارە دەروونییـەش لـە مشـتومڕی نێـوان دوو کـەس زیاتـر دەردەکەوێـت. جـاری وا هەیـە کەسـێك جـۆرە لێکدانەوەیـەك دەکات و دانبەخۆیـدا دەگرێـت و نایەوێـت هێلـی سـووری نێـوان خـۆی و گوێگـر ببەزێنێـت و حسـێبی ئـەوە دەکات، کـە دەبێـت بگەڕێتـەوە بـاری ئاسـایی خـۆی، بـەڵام هەندێـك کـەس ئـەم حسـێبە نـاکات و شـێوازی توندوتیـژی بـەکار دێنێـت، وەکـو هـاوار بەسـەرداکردن و هەڕەشـە و .....هتـد. جـاری وا هەیـە کەسـێك لـە بارێکـی دەروونیـدا گوێـی لـە هەمـان ئـەو ڕسـتانە دەبێـت، کـە پێشـتر کاریگەریـی زۆریـان بەسـەر هەبـووە، ڕەنگـە ئـەم جارەیـان کاریگەرییەکـەی کەمـتر بێـت، یـان بـە پێچەوانەوە. (Osgood, ١٩٥٧,١٢٢) ئۆزگـۆد لـە ڕێـگای دژواتـای پلـەدارەوە کاری لـەم بـوارە کـرد. دژواتـا دەشـێت بـێ پلـە بێـت وەکـو نێـر و مـێ. هەروەهـا دەشـێت دژواتـا پلـەدار بێـت (Murfy, ١٨٩ ,٢٠٠٣) ئـەم ڕێگایـە، کـە ئۆزگـۆد دایهێنـاوە، حـەوت پلـەی بـۆ ئاوەڵنـاوە دژواتـاکان دیـار کـردووە. دوو ئاوەڵنـاوی دژیـەك هەریەکەیـان جەمسـەرێك دەگرێـت و ئەوانـی تـر دەکەونـە نێوانیـان.

١-٢-٣) پێوانەی کاردانەوەی فسیۆلۆجی

ئـەم بیرۆکەیـە بـۆ بلـۆم فێلـد دەگەڕێتـەوە، کـە بۆچوونـی ڕێبـازی ڕەفتارییەکانـی بـە سـەر زمانـدا جێبەجـێ کـرد. لـەم پێوانەیـەدا پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان بیـر و چالاکییـە ماسـوولکەکانەوە هەیـە. ماکـس و جاکۆبسـن لەکاتـی بیرکردنـەوەی تاکـدا، چالاکیـی ماسـوولکەییان تۆمـار دەکـرد و چەنـد پەیوەندییەکـی نەگۆڕیـان لـە نێـوان هەندێـك جـۆری بیرکردنـەوە و هەندێـك جوڵانـەوەی ماسـوولکەکان دۆزییەوە(عمـر، ١٩٨٥، ٤٨). کاردانـەوەی فسـیۆلۆجی بـەرەو پیرچـوون و لیکـی دەمیـش دەگەڕێتـەوە (یوسـف، ١٩٩٠، ١٣٧). هەروەهـا جوڵانـەوەی برژانـگ و سـەرلەقاندن و.....هتـد دەگەڕێتـەوە (بونتنـج، ٢٠٠٣، ٢٩٢). ڕازران (Razran) پێوانـەی لیکـی دیـاری کـرد و تاقیکردنـەوەی لەسـەر چەنـد کەسـێکی بـە ڕەچەڵـەك ڕووسـی کـرد و چەنـد وشـەیەکی بـۆ وتـن، لەکاتـی گوێبیسـتی وشـەکاندا، ئـەو وشـانەی کـە لـە منداڵییـەوە دەیانزانـی لیکیـان زیاتـر بـوو بـەراورد بـەو وشـانەی کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی، فەڕەنسـی، ئیسـپانی، پۆلەنـدی بـۆی وتـن

١٩٥٧,١٢ (Osgood).-(١٣)

١-٢-٤) پێوانەی کاری ڕووداو

ئەم جۆرە پێوانەیە پەیوەستە بە چەند دیاردەیەکی ڕەفتاری وەکو پێکەنین، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نووسین و....هتد لەگەڵ چەند تایبەتمەندییەکی وەکو درێژی، کورتی، زیرەکی.....هتد. سەیردەکەین، کە ئەم دیاردە ڕەفتارییانە لە نێو ڕستەدا، لەگەڵ کام تایبەتمەندی دەگونجێت و لەگەڵ کامیان ناگونجێت ئەو کات ڕستەی دروست و نادروست لەیەکتر جیا دەبێتەوە (عمر، ١٩٨٥، ٤٢). بۆ نموونە کاری «دەخوێنێت» کام جۆرە بکەر هەڵدەبژێرێت؟ ئەو بکەرە هەڵدەبژێرێت، کە خاوەنی سیمای [+ زیندوو]، یان «زیرەکی»یە، چونکە لەلای زۆر لە خەڵکانی خۆرئاوا سەگ، پشیلە، مەیموون لە خانەی مرۆڤ هەژمار دەکرێن. ئەم هێلکارییەی خوارەوە

پلەی زیرەکییان دەردەخات: مێروو

زیرەك　مرۆڤ　سەگ　مێروو

↓　↓　↓　↓

١٨ ١٩ ٢٠　١٦ ١٧　١٢ ١٣ ١٤ ١٥　١ ٢ ٣

بۆ نموونە پێوانەکردنی پەیوەندی و پێکەوەهاتنی مەیموون لەگەڵ کارەکانی (پێدەکەنێت، دەئاخڤێت، دەخوێنێتەوە، دەنووسێت)، ئەگەر زیرەکیی مەیموون (١٦) پلە بێت، ئەوا ئەو پلەی بۆ کارەکان پێویستە بەم شێوەیە بێت:

پێدەکەنێت: ١٣ تا ١٦ پلە

دەئاخڤێت: ١٦ تا ١٨ پلە

دەخوێنێتەوە: ١٦ تا ١٩ پلە

دەنووسێت: ١٧ تا ٢٠ پلە

بەم پێیە ڕەنگە مەیموون بتوانێت پێ بکەنێت، هەروەها ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ڕەنگە بتوانێت بئاخڤێت و بخوێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناتوانێت بنووسێت (عمر، ١٩٨٢: ٤٩).

١-٢-٥) پێوانەکردن بەهۆی کاریگەرییەوە

هەموو ڕستەیەك کاری هەیە و کاریش ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕۆنان و واتای ڕستە دەبینێت. کار لە ڕووی کاریگەرییەوە دەبێتە تێنەپەڕ و تێپەڕ، بۆ نموونە کاری «هات» کە کارێکی تێنەپەڕە، تەنها یەك کەرەستە هەڵدەبژێرێت، کە بکەرە، بۆ نموونە: نەوزاد هات، بەڵام کاری «خوارد»، کە کارێکی تێپەڕە، تەنها دوو کەرەستە هەڵدەبژێرێت، کە بکەر و بەرکارە، بۆ نموونە: نازدار سێوەکەی خوارد.

**٢) بەشی دووەم: پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە**

٢-١) پێوانەی واتای کار بەپێی چەند بۆچوونێك لەوانە:

٢-١-١) بۆچوونی پەیوەندییە واتاییەکانی هاونشینی و جێنشینی: بنیادگەرەکان دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە دیار دەکەن، کە بریتین لە پەیوەندیی هاونشینی (Syntagmatic) و پەیوەندیی جێنشینی (Paradigmatic) بەم شێوەیە:

أ-پەیوەندیی هاونشینی: ئەم جۆرە پەیوەندییە ئاسۆییە و لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدایە. ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان ڕستە، گرێ، یان پێکهاتە هەن، پەیوەندییەکی هاونشینییە. (Crystal,١٩٩١,٣٤١) کەرەستەکانی ناو ڕستە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە. کار دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە و کەرەستەکانی ناو ڕستەی بەخۆیەوە بەستووەتەوە و هەڵیبژاردوون. واتە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە ڕووی لۆجیك و ڕێزمانەوە پەسندن (ناوخۆش،٢٠٠٥، ٣٥) ، بۆ نموونە کاری»دووریەوە«، «گەنمەکە« بۆ کارتێکراو و «جوتیارەکە« بۆ کارا هەڵدەبژێرێت.

ب- پەیوەندیی جێنشینی: ئەم جۆرە پەیوەندییە ستوونییە و لەنێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت، کە دەتوانین لەناو ڕستەیەکی دیاریکراودا، لەجیاتی یەکتر بەکاریان بهێنین. ئەو کارەی لەجیاتی کارێکی تر لە ڕستەدا بەکار دێت، هەمان ڕۆڵ لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی ڕستە دەگێڕێت، بۆ نموونە:

-باخەوانەکە نەمامەکەی ڕواند.

ئەگەر لەجیاتی کاری «ڕواند»، کاری «چاند»، یان کاری «ناشت» بەکار بێنین، ئەوا هەمان ڕۆڵی کاری «ڕواند» دەبینن، کەواتە کار کەرەستەیەکی سەرەکییە و ناتوانرێت لا بریێت، چونکە واتای ڕستە بریتییە لە [کۆی واتای وشەکان+ کاریگەریی ڕێزمانی] (دزەیی، ٢٠٠٥، ٩٤)

٢-١-٢) بۆچوونی پێوانەی کار بەهۆی کاریگەرییەوە

کار سەرەیە و کەرەستەکانی تری ڕستە هەڵدەبژێرێت. "سیمانتیکیش بایەخ بە دەستنیشانکردنی ئەو وشانە دەدات، کە لە سنووری ڕستە لەگەڵ یەکتر دەردەکەون، لەبەرئەوە

دەبێــت وشــەکان پابەنــدی ئەوجــۆرە دەستنیشــانکردنە بــن” (عەلــی، ١٩٩٨، ٣٥) لــەم جــۆرە هەڵبژاردنــەدا، کار توانایەکــی زۆری هەیــە بــۆ هەڵبژاردنــی کەرەســتەکانی ڕســتە. دەشــێت توانـای کار بەهـۆی ژمـارەی ئـەو کەرەسـتانەی کـە وەریدەگرێت، پێوانــە بکرێــت. کار لــە ڕووی کاریگەرییــەوە دەبێتــە تێنەپــەڕ و تێپــەڕ. کاری تێنەپــەڕ دوو چــاڵ پــڕ دەکاتــەوە، کــە بریتییــە لــە بکــەر و کار، واتــە کاری تێنەپــەڕ یــەك کەرەســتەی دەوێــت، بـەڵام کاری تێپـەڕ سـێ چـاڵ پڕدەکاتـەوە، کـە بریتیـن لـە بکـەر، بــەرکار و کار، واتــە کاری تێپــەڕ دوو کەرەســتەی دەوێــت. ئــەو کەرەسـتانەی بەشـداری لـە ڕۆنانـی ڕسـتەی کار تێنەپـەڕ، یـان تێپـەڕ دەکـەن، لەخـۆوە نییـە، بەڵکـو لەکاتـی بەکارهێنانیـان لـە ڕسـتەدا، دەکەونـە بـەر دوو کـۆت، کـە بریتیـن لـە “پەسـندیی ڕێزمانـی و پەسـندیی واتـا.” (دزەیـی، ٢٠٠٥: ٩٤) نموونـە بـۆ کاری تێنەپــەڕ:

- کاری «تـۆراوە« لـە ڕووی کاریگەرییـەوە تێنەپـەڕە و بکەرێـك هەڵدەبژێرێــت، کــە کارا بێــت و لەگەڵیــدا بگونجێــت. کاری «تۆراوە« لـە ژنەکە، باڵندەکـە، فیلەکە)، کامەیـان هەڵدەبژێرێت؟ بەپێـی پەسـندیی واتایـی «ژنەکـە« هەڵدەبژێرێـت و ئەوانـی تـر دەکــەون.

- کاری «حیلانـدی» پەسـندیی واتایـی لەگـەڵ کام لەمانـە هەیـە: گوێدرێـژ، مایـن، شـێر؟ کاری حیلانـدی، پەسـندیی واتایـی لەگـەڵ [مایـن] هەیـە.

-کاری «هــەڵات« دوو واتــای هەیــە، ئەگــەر بــە واتــای «ڕاکــردن« بێــت، بەپێــی پەســندیی واتایــی لــە منداڵەکــە، هەنگەکــە، مەلۆتکەکــە، «منداڵەکــە« هەڵدەبژێرێــت، بــەڵام ئەگــەر بــە واتـای «دەرکەوتـن» بێـت، ئـەوا بەپێـی پەسـندیی واتایـی لـە خــۆر، پێــڵاو، کــراس، «خــۆر» هەڵدەبژێرێــت.

نموونە بۆ کاری تێپەڕ:

-کاری «لەوەڕانــد» بەرکارێــك هەڵدەبژێرێــت، کــە ئــەو کارەی بەســەر جێبەجــێ بکرێــت و لــە نیســك، مــەڕەکان، بەفــر- دا، بەپێـی پەسـندیی واتایـی «مـەڕەکان» هەڵدەبژێرێـت، هەروەهـا بکەرێـك هەڵدەبژێرێـت، کـە کارا بێـت و سـیمای [+مـرۆڤ، + نێــر، + هــەراش، + شــارەزایی لــە پیشــەی لەوەڕاندنــی ئــاژەڵ] ی تێدابێــت و لــە شــوان، ئاشــەوان، دارەوان- دا، «شــوان» هەڵدەبژێرێــت.

- کاری «دەڕێسـێت» بەرکارێـك هەڵدەبژێرێـت، کـە ئـەو کارەی بەسـەر جێبەجـێ بکرێـت و لـە «تیـرۆگ، تەشـی، پێنـووس»دا، بەپێـی پەسـندیی واتایـی «تەشـی» هەڵدەبژێرێـت، هەروەهـا بکەرێـك هەڵدەبژێرێـت، کـە کارا بێـت و سـیمای [+مـرۆڤ، + مـێ، + هـەراش، + شـارەزایی لـە پیشـەی ڕسـتن]ی تێدا بێـت و لە ژنەکـە، مەلەوانەکـە، دارتاشـەکە- دا، «ژنەکـە» هەڵدەبژێرێـت.

-کاری «موتوربــە دەکات» بەرکارێــك هەڵدەبژێرێــت، کــە ئــەو کارەی بەسـەر جێبەجێ بکرێت و لە دارهەنجیرەکە، سـەهۆڵەکە، جانتاکـە-دا، بەپێـی پەسـندیی واتایـی «دارهەنجیرەکـە« هەڵدەبژێرێــت، هەروەهــا بکەرێــك هەڵدەبژێرێــت، کــە کارا بێـت و سـیمای [+مـرۆڤ، + نێـر، + هـەراش، + شـارەزایی لـە پیشــەی باخەوانــی] ی تێــدا بێــت و لــە باخــەوان، بەرخــەوان، گاوان-دا، «باخــەوان» هەڵدەبژێرێــت.

٢-١-٣) بۆچوونی فەلسەفییانە

ئــەم بۆچوونــە کەرەســتە ســەرەکییەکان دیــار دەکات و لۆجیکییانـە ناویـان لـێ دەنێـت. کەرەسـتەکانیش بریتیـن لـە بنـە و بـار، (سـەعید، ٢٠٠٩، ٣٤) بـۆ نموونـە:

-ئازاد نووست.

نووست < ئازاد>

بار بنە

لـەم ڕسـتەیەی سـەرەوەدا، «نووسـت» بارێکـە بەسـەر «ئـازاد» دا، هاتــووە.

-شیلان پرتەقاڵەکە دەخوات.

دەخوات < شیلان، پرتەقاڵەکە>

بار بنە١ بنە٢

لـەم ڕسـتەیەی سـەرەوەدا، «دەخـوات» بارێکـە بەسـەر هـەردوو بنـەی ١ «شـیلان» و بنـەی ٢ «پرتەقاڵەکـە«دا، هاتـووە.

٢-١-٤) بۆچوونی کویرك

کویـرك چەنـد کەرەسـتەیەك بـۆ ڕسـتە دیـار دەکات، کـە بریتین لــە کارا، کارتێکــراو، بەرهــەم، ئامێــر، هێــز، کات، شــوێن و کار، (Fodar,١٩٧٧,٤٧) بـۆ نموونـە:

-بایەکە گەڵاکانی هەڵوەراند.

هەڵوەراند < بایەکە، گەڵاکان>

کار هێز کارتێکراو

لـەم ڕسـتەیەی سـەرەوەدا، کاری «هەڵوەرانـد» هێـز و کارتێکراوی

هەڵبژاردووە.

نموونەیەکی تر: ئەوان دوو ڕۆژی تر دەچنە سەر گردەکە.

دەچن < ئەوان، دوو سبەی، سەر گردەکە>

کار کارا کات شوێن

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (دەچن) کارا و کات و شوێنی هەڵبژاردووە.

٢-١-٥) بۆچوونی کاتز و ڤۆدەر

کاتز و ڤۆدەر لە ساڵی ١٩٦٣ یاسای سیمانتیکیی گوێزانەوەیان داهێنا، کە لەسەر بناغەی یاسای گوێزانەوەی چۆمسکی دانراوە (لاینز، ١٩٨٧، ١٦٦). لەم بۆچوونەدا، ئەو ڕستەیەی کە لەگەڵ کەتواردا نەگونجا، دەوترێت ناوێزەیە و ئەو ڕستەیە هەڵدەبژێرێت، کە لە هەموویان گونجاوترە. لەم بۆچوونەدا، وشە لەناو ڕستەدا، چەند واتای هەبێت، گشتیان لێك دەداتەوە، واتە چەند واتا هەبێت، ئەوەندە ڕستەمان دەبێت و بەپێی یاسای کەوتن، هەندێك لەو وشان دەکەون، بۆ نموونە:

شەرمین شیری فرۆشت.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری «فرۆشت»، وشەی «شیر»ی هەڵبژاردووە، کە بەرکارە. «شیر» دوو واتای هەیە، یەکێکیان شیری خواردنەوەیە و ئەوەی تریان شمشێرە. لە ڕستەکەدا، شمشێر دەکەوێت، چونکە «شەرمین» ناوی کچان و گەنجانەیە و سیمای [+مرۆڤ، + هەراش، +مێ] یە و سەروکاری لەگەڵ شمشێردا نییە، بۆیە کاری «فرۆشت» ناوی «شەرمین» ی هەڵبژاردووە، کە کارایە.

لە ڕستەکەدا:

«شەرمین» یەك واتای هەیە.

«شیر» دوو واتای هەیە.

«فرۆشت» یەك واتای هەیە.

بەم پێیە ١X٢X١=٢ ڕستە.

بەم پێیە دەبێت دوو ڕستە هەبێت.

٢-١-٦) بۆچوونی فیلمۆر

فیلمۆر لە ساڵی ١٩٦٨ تیۆرەکەی خستە ڕوو، کە هەوڵدان بوو بۆ گەیشتن بە ڕۆنانی ژێرەوە. فیلمۆر پۆلە کەرەستەکانی ڕستە و ئەرکەکانی دیار کرد. (سەعید، ٢٠٠٩، ١٢) فیلمۆر لە سەرەتادا، چەند کەرەستەیەکی دیار کرد، دواتریش هەندێك کەرەستەی تری زیاد کرد، کە گشت کەرەستەکان بریتین لە [کارا، ئامێر، کارتێکراو/ چێژەر، هەواڵدان، باس، شوێن، کات، هاوڕێیەتی و ڕێڕەو]، (سەرچاوەی پێشوو، ١٩-٣٠) بۆ نموونە:

– نەوزاد خانووەکەی لە کارزان کڕی.

کڕی < نەوزاد، خانووەکە، لە کارزان>

کار کارا باس سەرچاوە

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری «کڕی» کارا و باس و سەرچاوەی هەڵبژاردووە.

٢-١-٧) بۆچوونی هالیدەی

هالیدەی چوار جۆر کار دیار دەکات، کە بریتین لە کارەکانی ڕووداوگێڕ، بارگەیەن، هۆشەکی و ڕەفتاری ( دزەیی، ٢٠١٥، ٩٩-١٠٠).

٢-١-٧-١) کاری ڕووداوگێڕ

ئەو جۆرە کارانەن، کە جووڵەیان تێدایە و خۆکردن و لەژێر کاریگەریی بکەر دان و دەبێت بکەرەکە کارا بێت و سەرچاوەی کارەکە بێت، بە واتایەکی تر کارەکە لەوەوە بێت، ئەگەر خۆشی نەیکات، یان بە ڕێککەوت چوو بێتە ناو کارەکە (فەتاح: ٢٠١٠، ٢٥٢). بۆ نموونە:

-نازەنین قاپەکانی شووشت.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ڕووداوی «شووشت» بەرکارێکی هەڵبژاردووە، کە کارەکەی بەسەر جێبەجێ بکرێت، کە «قاپەکان»ـە و کارایەکیشی هەڵبژاردووە، کە «نازدار»ـە.

٢-١-٧-٢) کاری بارگەیەن

ئەو جۆرە کارە خۆنەکردانەن، کە جووڵەی تێدا بێت، یان نەبێت، ئەوا لەژێر دەسەڵاتی بکەردا نین و لە دوو کەرت پێك دێن، کەرتێکی بە زۆری بریتییە لە ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ئەوەی تریان کاری داڕێژراوە، بە تایبەتی کاری بوون و هەبوون، (سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٠) یان ئەوکارانەی وەك کاری بوون ڕەفتار دەکەن، بۆ نموونە:

-منداڵەکە لاوازە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، «منداڵەکە« بارمەندە و «لاواز» بارە. بکەرەکە هەڵگری سیفەتەکەیە و پێی دەوترێت بارمەند( دزەیی، ٢٠١٥، ٩٩) بارەکە بارمەندەکەی هەڵبژاردووە.

٢-١-٧-٣) کاری هۆشەکی:

ئەم جۆرە کارە ڕوودانی تێ ناکەوێت و پەیوەستە بە

هەست و بیرکردنەوە و پەیپێبردن. لەم جۆرە کارەدا، دەبێت بکەر مرۆڤ بێت. ئەم جۆرە ڕستەیە دوو کەرەستەی دەوێت، کە بریتین لە ئەزموونکار و دیاردە (سەرچاوەی پێشوو، ٩٩) بۆ نموونە:

-نازەنین حەز لە شفتە دەکات .

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، «نازەنین» ئەزموونکارە و «شفتە« دیاردەیە. کاری «حەز دەکات» ئەزموونکارو دیاردەی هەڵبژاردووە.

٢-١-٧-٤) کاری ڕەفتاری:

ئەو جۆرە کارانە دەگرێتەوە، کە وەسفی ڕووداوێکی فیزیکیی جووڵەدار دەکات، بەڵام ڕووداوەکە بە سەر کەس تێ ناپەڕێت. واتە تێنەپەڕە و یەك هاوبەشی دەوێت، ئەویش پێ یدەوترێت ڕەفتارکار (دزەیی، ٢٠١٥، ١٠٠). ئەم جۆرە کارانە پەیوەستن بە ناخی مرۆڤەوە و دەبنە دووبەش. بەشی یەکەمیان پۆزەتیفین وەکو خۆشویستن و......هتد، بەشی دووەمیان نێگەتیفین وەکو ڕقلێبوونەوە، تووڕەبوون، ترسان....هتد، (صغیر، ٢٠١٢، ٢٠١) بۆ نموونە:

-کوڕەکە گریا.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری «گریا«، ڕەفتار کاری هەڵبژاردووە، کە «منداڵەکە« یە.

٢-١-٨): بۆچوونی پێوانەی کار لە ڕووی واتاوە بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد

لەم جۆرە پێوانەیەدا، کارە دژواتاکان بەشداری دەکەن و هەردوو جەمسەرەکە دەگرن و پلەدارەکانیش دەکەونە نێوانیانەوە. ئەم دیارکردنی پلەیە، وا دەکات دەروون و ناخی کەسی ئەزموونکارمان بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەروونی هەیە و بیرۆکەی ئۆزگۆد فراوانتر دەکات.

٢-١-٨-١) پێوانەی کارە دژواتاکان لە ڕووی واتاوە بە بەشداریی مۆرفیمی ڕادە و نەرێ

ئۆزگۆد (Osgood) لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبێکی بە ناوی پێوانەی واتا (The Measurement of Meaning) بڵاو کردەوە، کە تیایدا، باسی کاریگەریی واتا لەسەر چارەسەری دەروونی دەکات. (Osgood,١٩٥٧,١٢٢) ئۆزگۆد باسی ئاوەڵناوە دژواتا پلەدارەکان دەکات و حەوت پلەیان بۆ دیار دەکات. دوو ئاوەڵناوەکە هەردوو جەمسەرەکە دەگرن و ئەوانەی نێوانیان دەبنە پلەدار. ئەمە ڕێگای جیاکەرەوەی سیمانتکییە و وەڵامی ئەو پرسیارە دەروونییانە دەداتەوە، کە لە کەسی ئەزموونکار دەکرێت. دیارکردنی پلەیەك لەلایەن کەسی پرسیارکەر، ئەوا ناخ و دەروونی ئەو ئەزموونکارەمان بۆ دەردەکەوێت. بەم شێوەیە: (عمر، ١٩٨٥، ٤٥-٤٦)

| + ئاوەڵناوی | تا ئەوپەڕی | تا ڕادەیەکی زۆر | تا ڕادەیەکی کەم | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | تا ڕادەیەکی کەم | تا ڕادەیەکی زۆر | تا ئەوپەڕی | -ئاوەڵناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵشاد | | | | | | | | خەمبار |
| پاك | | | | | | | | پیس |
| ڕەوشتبەرز | | | | | | | | ڕەوشتنزم |
| میهرەبان | | | | | | | | بێبەزەیی |

بۆ نموونە کوڕێك ناوی [کارزان] ـە و چووەتە داخوازیی کچێك و دەیەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێك بێنێت. کەسوکاری کچەکە پرسیار لە بارەی کوڕەکە لە کەسێکی متمانەپێکراو دەکەن، کە ناوی [نەوزاد] ـە، نەوزاد کارزان دەناسێت و هاموشۆیان هەیە. وەڵامی نەوزاد بە پلەیەك لەو پلانەی سەرەوە دەبێت.

لەم توێژینەوەیەدا، بەپێی ڕێبازی ئۆزگۆد پێوانەیەك بۆ کارە دژواتاکان دیار کراوە. لەم پێوانەیەدا مۆرفیمی ڕادە و نەرێ بەشداری لە دیارکردنی پلەکان دەکەن. ئەم بۆچوونە چەندین کاری دژواتای زمانی کوردی دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئەو کارە لێکدراوانەی کە ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکار بەشداریی ڕۆنانیان دەکات و بەزۆری کەرتێکی کارەکە کاری «کردن»، یان «بوون»ـە. واتە لە دوو کاری لێکدراودا، دوو ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکاری دژواتا بەشدارییان لە ڕۆنانی کارەکان کردووە. ئەو ڤاکۆبولەرییانەی کە ئۆزگۆد بۆ پلەکان بەکاری هێناون، بریتین [تا ئەوپەڕی، تا ڕادەیەکی زۆر، تا ڕادەیەکی کەم، نە

ئەمەیان نە ئەوەی تر]، لەم توێژینەوەیەدا، ڤاکۆبولەرییەکان بەپێی سەلیقەی ئاخێوەرانی کورد بەکار هاتووە. مۆرفیمی ڕادە و نەرێ بەشداریی تێدا کردووە، کە بریتین لە [گەلێك زۆر، زۆر، کەمێك، نە.......،نە........]، بۆ نموونە دوو قوتابیی پۆلی دەیەمی وێژەیی یەکێکیان کارامەیە لە ڕەنگکردنی تابلۆ، بەڵام ئەوەی تریان تازە فێرکراوە. هەر یەکەیان تابلۆی دیمەنێکی سروشتیان لەبەر دەستە، کە بە خامەی دار کێشراون. مامۆستای هونەر داوایان لێ دەکات، کە تابلۆکان ڕەنگ بکەن. قوتابییە دەستڕەنگینەکە یەك لە پلەکانی پۆزەتیفی لەلایەن مامۆستاکەیەوە پێ دەدرێت، بەڵام ئەوی تر یەك لە پلەکانی نێگەتیف، یان ئەوەی ناوەڕاستی پێ دەدرێت. بۆ نموونە کاری «جوان کرد» و «ناشیرین کرد» لەم خشتەیەی خوارەوە جەمسەرەکان دەگرن و پلەکانیش دەکەونە نێوانیان، بەم شێوەیە:

| + کاری | گەلێك زۆر | زۆر | کەمێك | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | کەمێك | زۆر | گەلێك زۆر | - کاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جوان کرد | | | | | | | | ناشیرین کرد |

ئەگەر خشتەکە بخەینە شێوەی ڕستە ئاوای لێ دێت:

١-تابلۆکەی گەلێك زۆر جوان کرد.

٢-تابۆکەی زۆر جوان کرد.

٣-تابلۆکەی کەمێك جوان کرد.

٤-تابلۆکەی نە جوان کرد، نە ناشیرین کرد.

٥-تابلۆکەی گەلێك زۆر ناشیرین کرد

٦-تابلۆکەی زۆر ناشیرین کرد.

٧-تابلۆکەی کەمێك ناشیرین کرد.

نموونەیکی تر:

| + کاری | گەلێك زۆر | زۆر | کەمێك | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | کەمێك | زۆر | گەلێك زۆر | - کاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیرین کرد | | | | | | | | تاڵ کرد |

ئەگەر خشتەکە بخەینە شێوەی ڕستە ئاوای لێ دێت:

١-چایەکەی گەلێك زۆر شیرین کرد.

٢- چایەکەی  زۆر شیرین کرد.

٣ -چایەکەی کەمێك شیرین کرد.

٤-چایەکەی نە شیرین کرد، نە تاڵ کرد.

٥-چایەکەی گەلێك زۆر تاڵ کرد.

٦- چایەکەی  زۆر تاڵ کرد.

٧- چایەکەی کەمێك تاڵ کرد.

بەم پێیە کار وا دەکات، کە ڕستەکان ببنە دژواتای یەکتر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ڕستەی یەکەم و پێنجەم دژواتای یەکترن.

ڕستەی دووەم و شەشەم دژواتای یەکترن.

ڕستەی سێیەم و حەوتەم دژواتای یەکترن.

واتە ئەو ڕستانەی ڕادەی «گەلێك زۆر» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

ئەو ڕستانەی ڕادەی «زۆر» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

ئەو ڕستانەی ڕادەی «کەمێك» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

چەندین کاری ترمان هەن، کە دژواتای یەکترن و لەم خشتەیەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو، لەوانە:

| + کاری | گەلێك زۆر | زۆر | کەمێك | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | کەمێك | زۆر | گەلێك زۆر | - کاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەرزان کرد | | | | | | | | گران کرد |
| گەورە کرد | | | | | | | | بچووك کرد |
| ڕاست کردەوە | | | | | | | | خوار کردەوە |
| بەهێز کرد | | | | | | | | بێهێز کرد |
| گەرم کرد | | | | | | | | سارد کرد |
| تەڕ کرد | | | | | | | | وشك کرد |
| باش کرد | | | | | | | | خراپ کرد |
| سەربەرز کرد | | | | | | | | سەرشۆڕ کرد |
| ڕووناك کردەوە | | | | | | | | تاریك کردەوە |
| درێژ کردەوە | | | | | | | | کورت کردەوە |
| چاك بووەوە | | | | | | | | نەخۆش کەوت |
| سوود پێگەیاند | | | | | | | | زیان پێگەیاند |
| گریا | | | | | | | | پێکەنی |
| تیژ بوو | | | | | | | | کوڵ بوو |
| پڕبوو | | | | | | | | خاڵ یبوو |
| ڕوون بوو | | | | | | | | لێڵ بوو |
| درشت بوو | | | | | | | | ورد بوو |
| قەڵەو بوو | | | | | | | | لاواز بوو |
| گورج بوو | | | | | | | | شل و خاو بوو |
| نزیك کەوتەوە | | | | | | | | دوور کەوتەوە |
| زۆر کرد | | | | | | | | کەم کرد |

٢-١-٨-٢) پێوانەی کارە دژواتاکان لە ڕووی واتاوە بە بەشداریی مۆرفیمی ڕادە و نەرێ و ئاوەڵکار

ئاوەڵکار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و لە ڕستەدا، دەبێتە ئاوەڵگوزارە، کە کەرەستەیەکی ناسەرەکیی ڕستەیە و دەشێت بێتە سەربار، چونکە بەلابردنی ڕستەی نارێزمانی دروست نابێت و بەشێکە لە گرێی کاریی ڕستە و فراوانی دەکات و ڕوویەکی کاری ڕستە لە ڕووی کات، شوێن چۆنیەتی و...هتد ڕوون دەکاتەوە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٧، ٣١) و دەبێت لە ڕووی واتاوە لەگەڵ کارەکەدا بگونجێت (فەرهادی، ٢٠١٣، ٢٦). بۆ نموونە، ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردوو بێت، نابێت ئاوەڵگوزارەی کاتی «دوێنێ» ی لەگەڵ بەکار بێت، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی نارێزمانی. لەم جۆرە پێوانەیەدا کارەکان دژواتای یەکترن و ئاوەڵکارەکان لە ڕستەدا دەبنە ئاوەڵگوزارە و ڕۆڵ لە پێوانەکردنەکەدا دەبینن، بۆ نموونە دووك ەس، یەکیان دەستگرە و پارەکەی پاشەکەوت دەکات، ئەوەی تریان دەستبڵاوە و پارەکەی بەفیڕۆ دەدات، بۆ نموونە:

| + کار بە بەشداریی ئاوەڵکاری [درەنگ] | گەلێك زۆر | زۆر | کەمێك | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | کەمێك | زۆر | گەلێك زۆر | -کار بە بەشداریی ئاوەڵکاری [درەنگ] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاشەکەوت کرد | | | | | | | | بە فیڕۆ دا |

ئەگەر خشتەکە بخەینە شێوەی ڕستە ئاوای لێ دێت:

١-ئەو پارەکەی گەلێك زۆر درەنگ پاشەکەوت کرد.

٢-ئەو پارەکەی زۆر درەنگ پاشەکەوت کرد.

٣-ئەو پارەکەی کەمێك درەنگ پاشەکەوت کرد.

٤-ئەو پارەکەی نە پاشەکەوت کرد، نە بەفیڕۆی دا.

٥-ئەو پارەکەی گەلێك زۆر درەنگ بە فیڕۆ دا.

٦-ئەو پارەکەی زۆر درەنگ بە فیڕۆ دا.

٧-ئەو پارەکەی کەمێك درەنگ بە فیڕۆ دا.

نموونەیەکی تر:

| + کار بە بەشداریی ئاوەڵکاری [زوو] | گەلێك زۆر | زۆر | کەمێك | نە ئەمەیان، نە ئەوەی تر | کەمێك | زۆر | گەلێك زۆر | - کار بە بەشداریی ئاوەڵکاری [زوو] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هێرشی کرد | | | | | | | | کشایەوە |

ئەگەر خشتەکە بخەینە شێوەی ڕستە ئاوای لێدێت:

١- جەنگاوەرەکە گەلێك زۆر زوو هێرشی کرد.

٢- جەنگاوەرەکە زۆر زوو هێرشی کرد.

٣- جەنگاوەرەکە کەمێك زوو هێرشی کرد.

٤- جەنگاوەرەکە ، نە هێرشی کرد، نە کشایەوە.

٥- جەنگاوەرەکە گەلێك زۆر زوو کشایەوە.

٦- جەنگاوەرەکە زۆر زوو کشایەوە.

٧- جەنگاوەرەکە کەمێك زوو کشایەوە.

بەم پێیە ڕستەکان دەبنە دژواتای یەکتر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ڕستەی یەکەم و پێنجەم دژواتای یەکترن.

ڕستەی دووەم و شەشەم دژواتای یەکترن.

ڕستەی سێیەم و حەوتەم دژواتای یەکترن.

واتە ئەو ڕستانەی ڕادەی «گەلێك زۆر» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

ئەو ڕستانەی ڕادەی «زۆر» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

ئەو ڕستانەی ڕادەی «کەمێك» ی تێدایە، دەبنە دژواتای یەکتر.

**ئەنجام:**

١- کارە دژواتاکان حەوت پلەیان هەیە.

٢- کارە دژواتاکان لە خشتەدا، هەردوو جەمسەر دەگرن و پلەدارەکان دەکەونە نێوانیانەوە.

٣- بە هۆی دیارکردنی پلەیەکی کەسیی ئەزموونکار، دەتوانرێت شارەزای لایەنی دەروونیی کەسیی ئەزموونکار ببین و ناخی بخوێنینەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر چارەسەریی دەروونییەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**


بە زمانی کوردی

أ-پەرتووك:

١-دزەیی، عەبدولواحید مشیر (٢٠٠٥)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢-.......................... (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیك، هەولێر.

٣-ڕەسول، خەسرۆ ئەحمەد (٢٠٠٨)، هەندێ لایەنی زمانەوانیی دەروونی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٩.

٤- سەعید، یوسف شەریف (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥-ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی ( مێژوویی، بونیادگەری، چۆمسکی)، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٦-فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧-فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

نامەی ئەکادیمی:

٨- ڕەسول، خەسرۆ ئەحمەد (٢٠٠٧)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆرمی (شەکلی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی، زانکۆی سەڵاحەدین.

٩-عەلی، تالیب حوسێن (١٩٩٨)، واتاسازیی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی:

أ-پەرتووك:

١٠- بونتنج، كارت ديتر (٢٠٠٣)، المدخل الى علم اللغة، ترجمة و تعليق سعيد حسن بحيري، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، جامعة عين الشمس.

١١- الحمداني، موفق (١٩٨٢)، اللغة و علم النفس، مطابع مديرية الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.

١٢-عطية، نوال محمد (١٩٧٥)، علم النفس اللغوي، مكتبة الانجلو المصرية، طبعة/ ١، القاهرة.

١٣- عمر، احمد مختار (١٩٨٥)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، طبعة/ ١، الكويت.

١٤-لاينز، جون (١٩٨٧)، اللغة و المعنى والسياق، ترجمة عباس

صــادق الوهــاب، طبعــة/ ١، بغــداد.
١٥- يوسـف، جمعـة سـيد (١٩٩٠)، سـيكولوجية اللغـة و المـرض العقـلي، سلسـلة عـالم المعرفـة، سلسـلة ١٤٥، الكويـت.
ب- سەرچاوەی ئینتەرنێتی
١٦- صغيــر، ســعدية (٢٠١٢) الافعــال النفســية بــين الوصــف و التنظــير، <bitstream<http://rodin.uca.es

بە زمانی فارسی
١٧- اگـرادى، ويليـام و ديگـران (١٣٨٠)، زبـان شناسـى معـاصر، ترجمـه علـى درزى، جلـد دوم، تهـران.

بە زمانی ئینگلیزی
18- Crystal, D.(1991) A Dictionary of Linguistics and Phonetics,3rd edition, Basil Blackwell.
19- Fodar, j. D. (1977) Semantic Theories of meaning in Generative Linguistics, Crowell, New York.
20- Murfy, M.L, (2003) Semantic Relations and the Lexic, Anatomys, Synonymy and other Paradigms, Cambridge University press.
21- Osgood, Charles Egerton (1957) The Measurement of meaning, publisher university of Illinois press, U S A.

**الملخص**

يـدرس هـذا البحـث المعنـون «مقيـاس الفعـل مـن حيـث الدلالـة بحسـب منهـج أوزكـود» الفعـل باعتبـاره أحـد عنـاصر تكويـن الجملـة مـن حيـث الدلالـة، و يحـدد مقاييـس الجملـة في ضـوء وجـه نظـر «أوزكـود» الـذي وضـع الرتبـة للصفـة، وقـد حُـدّد سـبع رتـب للأفعـال المتضـادة مـن حيـث المعنـى، وشـاركتْ في وضـع الترتيـب مورفيـمات، «النسـبة، والنفـي والظـروف».
إذ إنَّـا بسـب تحديـد رتبـة الفعـل نسـتطيع التعـرف عـلى نحـو كبيرعـلى نفسـية المتكلـم وما يجـول في خواطـره، وكذلـك لـه دور كبـير في معالجـة الأمـراض النفسـية.
ويقسَّـم البحـث عـلى مبحثـين، تنـاول المبحـث الأول: فكـرة مقيـاس الدلالـة و أنواعهـا، وتنـاول المبحـث الثـاني: مقيـاس دلالـة الفعـل، ومـن ذلـك: طريقـة التفريـق الـدلالي بحسـب منهـج «اوزكـود»؛ وهـي طريقـة تتّبـع الرتـب وتُظهـر أعـماق الممتحـن، ولهـا تأثـير في المعالجـة النفسية.
الكلمات المفتاحية: المقياس، الفعل، الدلالة، أوزكود، النسبة.

## Abstract

This research deals with the measurement of verbs in terms of meaning according to Osgood's perspective. In this study, the verb as a main element of sentences is investigated and measured in terms of meaning. This measurement of the verb was influenced by Osgood's perspective, which determined the degree of the adjective. The study has defined seven grades for opposite verbs, in which the morphemes of degree, negative, and adverbs are involved. By classifying a verb into seven degrees, the researcher is able to become familiar with the speaker's insights and feelings, which play an important role in the treatment of mental illness. The study consists of two sections. In the first section, the concept of semantic measurement and the types of semantic measurement are discussed. In the second section, the measure of the meaning of the verb is discussed, including the semantic measurement of the verb based on Osgood's method, which is a ranked method that reflects the insights of the experiencer and has an impact on psychotherapy.
Keywords: Measurement, Verb, Meaning, Osgood, Degree.